ڕێبوار عوسمان*

# کورد مێژووی لەگەڵ دووبارە دەبێتەوە و، بەدیلی مالیکیش، مالیکی-یە

لەمێژووی نوێی ناوچەکەدا، لەدوای هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی ئاق قوێنلوو و دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی لە سەرەتای سەدەی شازدەهەم، کورد بەدەست دەوڵەتەکانی ناوچەکەوە دەستی دەستی پێدەکرێت. شائیسماعیلی سەفەوی کاتێك دەوڵەتەکەی لە ئێران دامەزراند، پەلی هاوێشت بۆ ناو خاکی کوردستان و لەسەرەتادا بە نەرمی لەگەڵ کورد مامەڵەی دەکرد، پاشان قیناعەکەی لەدەماوچاوی هەڵماڵی و کەوتە وێزەی مێرنشینەکان، تەنانەت کاتێك ژمارەیەك لە میر و بەگزادەکانی کورد سەردانی شائیسماعیل-یان کردبوو لە شاری خوی، سەرجەمیانی بەبێ هۆ بەندکرد، ئەمجا دەستیکرد بەلابردنی میرەکانی کورد و دانانی کەسانی نزیك لە خۆی لەوانەش میرە قزلباشەکان بە سەرداری ناوچە کوردییەکان. کاتێکیش دەوڵەتی عوسمانی ئاڕاستەی فراوانخوازییەکانی لە ئەورووپاوە گواستەوە بۆ کوردستان و ونیشتمانەکانی عەرەب، کورد ململانێی عوسمانی سوننەی- سەفەوی شیعەی بە هەل زانی، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی کورد پاڵپشتی عوسمانییەکانی کرد، لەو چوارچێوەیەشدا مەلا ئیدریسی بەدلیسی کە لە سوڵتان سەلیمی یەکەمی"1512-1520 ز" نزیك بوو، ڕۆڵی لەنزیککردنەوەی میرە کوردە دورخراوەکانی دەوڵەتی سەفەوی و لایەنی عوسمانی بینی، ڕکابەرەکی و ململانێی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە لە ساڵی ١٥١٤ز جەنگێکی وێرانکاری لێکەوتەوە لە ناوچەی چاڵدێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەو جەنگەدا عوسمانییەکان سەرکەوتنیان تۆمار کرد، گرنگە بزانرێت ئەگەر پاڵپشتی کوردان نەبووایە لە عوسمانییەکان، هەرگیز دەسەڵاتی عوسمانی لە کوردستان کۆنترۆڵ نەدەبوو، ئەگەر لە کوردستانیش عوسمانییەکان شکستیان بهێنابایە، ئەوە بەئاسانی ڕێگەیان بۆ خۆش نەدەبوو تا بچن بەغدا و بەسڕە داگیربکەن و لەوێشەوە بەرەو شام و حیجاز و یەمەن پەل بهاون.

ماوەیەکی باش لە سەدەی شازدەهەمەوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، بەشی زۆری کورد لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان هەندێك لە مافەکانیان پارێزراوبوو، بەڵام دواتر لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم بەفیتی بەریتانیا و فەرەنسا دەوڵەتی عوسمانی دەستیکرد بە چاکسازی و لەو چوارچێوەیەشدا میرنشینە کوردییەکان هەڵوەشانەوە و ڕاستەوخۆ خرانە سەر ئەستانبۆل-پایتەختی دەوڵَەتی عوسمانی.

ئیتر جارێکی تر ناڕەزایی ڕووی لە ریزەکانی کوردان کردەوە، ئەمجارە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا جەنگی جیهانی یەکەم سەریهەڵدا و دەوڵەتی عوسمانی کەوتە بەرەی دژ بە بەریتانیا و فەرەنسا و روسیا، بۆیە کورد جەنگەکەی بە هەلێکی دیکە زانی و شێخ مەحمودی حەفید شۆرش لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان رادەگەیەنێت.

ئینگلیز لە تەماحکاری نەوتی کەرکوك و موسڵ، هەوڵی تەواوی دا لە پێناو بەدەستهێنانی ویلایەتی موسڵ بۆ موستەعمەڕەی عێراق و کوردیش لە چوارچێوەی عێراقدا هەوڵی بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی خۆی بدات و وەك چۆن عوسمانییەکان بەڵێنی پاراستنی تایبەتمەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریان بە مەلا ئیدریسی بەدلیسی دا، ئەمجارەیان بەهەمان شێوە

ئەو لیژنەیەی کە لەلایەن کۆمەڵەی گەلانی ئەوساکەوە بڕیاری دا لەوەی ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر عێراق، هەمان ئەو بەڵێنانەی دەوڵەتی عوسمانیان بۆ کورد و تورکمان و کلدوئاشورییەکانی ویلاتی موسڵ دووپاتکردەوە.

لەدوای جەنگی یەکەم و لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بۆ یەکەمین جار لە مێژووی نوێ-دا کوردان لە کوردستانی باشور و کوردستانی رۆژئاوا، بوونە هاوڵاتی دوو دەوڵەتی عەرەبی "عێراق و سوریا"، عەرەبەکان وەك سەفەوی و عوسمانییە تورکەکان کەوتنەوە ویزەی کورد و بەپێی بەڵگەنامەکان هەر لە سەردەمی مەلیك فەیسەڵی یەکەمەوە تەعریب کردنی کوردستان دەستپێدەکات و لەو کاتەدا مەلیك لە خانەقین زەوی و زاری کوردانی دەکڕیوە بەمەبەستی بەعەرەبکردنیان، کاتێکیش پاشایەتی لە عێراق دەروخێنرێت و کۆماری رادەگەیەنرێت، دیسانەوە بەڵێن بە کورد دەدرێت و ئەمجارە عەبدولکەریم قاسم رێبەری کۆماریی لە عێراق لە دەستووری عێراقیش ناوی کورد دەهێنێت، تێیدا باس لەوە دەکات ئەم نیشتمانە "عێراق "نیشتمانی عەرەب و کوردە، هەر لەسەردەمی قاسم لایەنی کوردی لەگەڵ عێراق تێکدەچێت و شۆرشی ئەیلول رادەگەیەنرێت و حکومەتەکەی قاسمیش هێرشی سەربازی دەکاتە سەر کوردستان، دواتر بەعسییەکان و قەومەچییەکانی عەرەبیش کاتێك بە کودەتای سەربازی دەگەنە دەسەڵات، هیچ درێغییەك ناکەن لە پێدانی بەڵێنی بریقەدار بە کوردان، کاتێکیش هەل بۆ ئەمانەیش دەڕەخسێت و نەوت خۆماڵی دەکەن لە عێراق، بەبێ هیچ ویژدانێك پارەی نەوت دەکەنە خزمەت شەڕ و کوشتن و جینۆسایدکردنی گەلی کورد و هێرشکردنە سەر کوردستان.

بەعس کە ماوەی ٣٥ ساڵی رەبەق حوکمڕانی کرد، رێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ کورد مۆرکرد، بەڵام بەبێ گەیشتن بە رێگەچارە دەربارەی ناوچە دابڕێنراوەکانی ئێستای کوردستان، بەعس تاك لایەنانە رێککەوتننامەی11 ی ئاداری کردە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەمجارەش کورد دوبارە دەست دەداتەوە چەك.

لەو قۆناغەشدا کورد دەیەوێت سوود لەرابردووی خۆی ببینێتەوە، هەوڵی دەدا دەسەڵاتی زلهێزەکان بۆ خۆی کەسب بکات، بۆیە رۆژێك باسی سوشیالیزم و دەمێکیش باسی سەرمایەداری دەکرد، ئەویش لەبەر راکێشانی سەرەنجی یەکێتی سۆڤێتی سۆشیالیست و ئەمریکا و بەریتانیای سەرمایەدار بوو، بەڵام دوای هەرسهێنانی یەکێتی سۆڤێت و شەڕی کەنداو، ئیتر حزبە کوردییەکان خۆیان بە ئەمریکا و بەریتانیاوە هەڵواسی، دەرئەنجام ئەمریکا هاتە عێراق "٢٠٠٣ز"، لە هەنگاوەکانی ئەو هێزە دەرکەوت کە ئەوەی سەرکردایەتی کوردستان دەربارەی هاوپەیمانێتی کوردی-ئەمریکی باسی دەکەن بەو جۆرە نییە، بۆ نمونە هیچ ئاسانکارییەك ناکەن بۆ بەدەستهێنانەوەی ناوچە دابڕاوەکان و چەندین مافی تر، لێرەدا کورد کەوتە سیاسەتکردن لەنێوان شیعەی دەسەڵاتدار و سوننەی ئۆپۆزسیۆن، بەو جۆرەش کورد بووەوە هەوێنی یەکگرتنەوەی عێراق. سوننەکان کە کەرکوك و موسڵ و ناوچەکانی خانەقین بە عەرەبی یاخود عێراقی دەزانن، لەبەرژەوەندی کورد نییە هاوپەیمانی بەستن لەگەڵیاندا، لەدوای چەندین سەدە لە هاوپەیمانی کردنی سوننەکان، کورد گەڕایەوە بۆ خاڵی یەکەمی مێژووی نوێ و جارێکی تر لەگەڵ شیعەکان هاوپەیمانی بەستییەوە، بەڵام ئەمجارەیان شیعەکان عەرەبن و وەك سەفەوییەکان فارس نیین، ئێستا دوای ٩ ساڵ لە تاقیکردنەوەی سێ کابینەی حکومەتی شیعەی عێراق، کورد گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە پێویستە مالیکیش وەك جەعفەری لە دەسەڵات دوربخرێتەوە، بەڵام ئایا مالیکی بەدیلی هەیە؟، نەخێر .چونکە ئەو بەدیلەی کە کورد لە سەردەمی سەفەوی و عوسمانی و ئینگلیز و کۆماری عێراق و قۆناغی دوای ساڵی ٢٠٠٣وە بەدوای دەگەڕێت، تائێستا نەیدۆزییەوەتەوە، نەئێستا و نە لەئایندەشدا نایدۆزێتەوە.

ئەو بەدیلەی مالیکی کە کورد بەدوای دەگەڕێت، دەبێت دان بە کوردستانی بوونی کەرکوك و ناوچەدابڕێنراوەکاندا بنێت و مافی بەستنی گرێبەستی نەوتی بدات بە کوردستان و تێکڕای ئیمتیازاتی سوپا بە پێشمەرگەش بدات، ئەو بەدیلە نەوەك تەنها لە عەرەبی عێراقدا نییە، هەڵبەت لە هەموو عەرەبی جیهانیشدا رەنگە بوونی نەبێت "گەر ئەو هاوڵاتییە عەرەبە دەسەڵاتدار بێت"، تەنانت بەوانەشیانەوە کە بانگەوازی جیهانگیری و ئیسلامیین و سەر بەڕەوتە وێژدانییەکانن، ئەویش بەهۆی خودی مێژووی عەرەبەکانەوە.

نەتەوەی عەرەب لە بەر ئەوەی لەرێگای ئاینی ئیسلامەوە لە زۆرێك لە ناوچەکانی جیهاندا بڵاوبوونەتەوە، ئاسان نییە دان بنێن بەوەی کە ماڵی خەڵکیان داگیرکردووە، بۆیە هاوڵاتییەکی عەرەب نادۆزینەوە لە سەر گوی زەوی لە کاتی بەرپرسیارێتی-دا دان بەوەدا بنێت کە عەرەبەکان هاتوونەتە سەر کەرکوك و خانەقین و ئەو ناوچانە و پێویستە ماف بۆ خاوەنەکەی بگەڕێننەوە، لێرەوە بۆمان روون دەبێتەوە بەدیلی مالیکی، کەسانێکن وەك مالیکین یاخود وەك جەعفەری یان خەڵکێکی خراپتری وەك سەدام حوسێن.

ئەگەر نوری مالیکی لەگەڵ لایەنی کوردی ئیمزای لەنێواندا بێت لە پێناو چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان، ئەوە ئەمجارە سەرکردایەتی کوردستان لەلیستی عێراقییە و سەردانی سوننە هیچ وەرەقەیەکی دەست ناکەوێت کە تیایدا دان بە بچوکترین مافی کوردا بنێت لە کەرکوك و ناوچەدابڕێنراوەکان، چونکە ئەو رێککەوتنامەیەی کە نوری مالیکی لەگەڵ کورد مۆری کردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان و لەسایتی سەرۆکایەتی هەرێم لەم رۆژانە بڵاوکراوە، لەئێستاوە لیستی عێراقییە لەهەوڵدایە وەك ئامرازێك بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بە کاری بهێنێت لە ناوچەدابڕێنراوەکان بەمەبەستی دژایەتیکردنی مالیکی و بەدەستهێنانەوەی دەنگی عەرەبە هاوردە و سوودمەندەکانی سەردەمی بەعسی ئەو ناوچانە.

دەبینین بەدرێژایی مێژوو لایەنی کوردی لەگەڵ لایەنێك رێککەوتووە و دواتر رێککەوتنەکە بەبێ جێبەجێ کردن ماوەتەوە، کوردیش بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی پەنای بردۆتە بەر هێزێکی دیکە و دواتر ئەو لایەنەش بۆخۆی سوودی لە لایەنگیری کوردی بینیوە بەبێ ئەوەی هیچ لە رێکەوتنامەکانی نێوانیان جێبەجێ بکەن یاخود تا سەر جێبەجێ-یان نەکردوون، وەك عوسمانییەکان و ئینگلیز و دەوڵەتی کۆماری عێراق و تەنانەت شیعەکانی دوای پرۆسەی ئازادی عێراقیش، جێی خۆیەتی بپرسین ئەرێ ساڵح موتڵەگ و ئوسامە نوجێفی و لیستی عێراقییە و موقتەدا سەدر "هاوپەیمانە نوێکانی سەرۆکی هەرێم" بۆ کورد بەدیلی مالیکیین؟، نەخێر بەدیلی مالیکی مالیکی-یە. واتا لە عێراقدا هەر کەسێکی دیکەش دەسەڵاتداربێت هەر وەك مالیکی دەبێت لە ئاست داواکارییە نەتەوەییەکانی کورد، باشترین چارەسەر بۆ کورد، راگەیاندنی سەربەخۆییە بە جۆرێك کە هێزە کوردستانییەکان بەتێکڕا بۆ ئەو پرۆژە مەزنە کار بکەن، بەمەرجێك ئامادەسازی پێویست لەناوخۆی کوردستان بۆ ئەو پرۆژە مەزنە ئەنجام بدرێت، لەدوای سەربەخۆیی باشوری کوردستانیش. بەشەکانی دیکەی کوردستان داوا بکەن بلکێنرێن بە دەوڵەتی کوردستانەوە، ئەگینا جارێکی دیکە و دەیان جاری دیکە مێژوومان لەگەڵ دووبارە دەبێتەوە، چونکە لایەنی بەرامبەر ئەگەر هەمووشیان ناویان مالیکی و جەعفەری و سەدام نەبێت، هەر مالیکی و جەعفەری و سەدام-ن.

***- بکالوریوس لە مێژوو**